هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی گەشتکانی عومرە رادەگەیێنێت

کۆمپانیای گشتی هێڵی ئاسمانی عێراق دەڵێت، بە راسپاردەی راستەوخۆی وەزیری گواستنەوەی عێراق، گەشتکانی عومرە دەستپێدەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی بەهۆی مەراسیمکانی یادی ئەربەعینەوە، عێراق گەشتکانی بە سعودیە راگرت.

ئەمە چوارشەممە ٢٠ـی ئابی ٢٠٢٥، هێڵی ئاسمانی عێراق لە راگەیێندراوەکدا کەدەستی موتێع کەوتووە، بەاویکردەوە، گەشتکانی عومرە بە رێژەی سێ بە پێنج گەشتی رۆژانە لە فڕۆکەخانەکانی بەغدا، نەجەفی و بەسرە جگە لە فڕۆکەخانەکانی دیکەی عێراق، بەپێی خشتەی کارپێکردنی پەسەندکراو دەستپێدەکەنەوە.

بەگوێرەی راگەیێندراوەکە، پلانی زیادکردنی ژمارەی گەشتکان بەشێوەی پلە بە پلە دەبێت، لەگەڵ دەنیابوون لە بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری و ئاسوودەیی بە گەشتیاران، بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پێوەندیدارەکانی عێراق و دەسەڵاتدارانی سعودیە، بە دەنیابوون لە ئاسانی کارپێکردن و ئاسانکردنی رێکارەکانی پێشوازی لە عومرەکاران.

ئاماژەی بەوەشکرد، گەشتکان بە فڕۆکە جەراوجەرەکانی هێڵی ئاسمانی، لە جەرەکانی B777 وB787 و A330 لەگەڵ فڕۆکەکانی جەری B737 ئەنجام دەدرێن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ژمارەی عومرەکاندا بگونجێت.